www.kurdistannet.org

بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 23-10-2006 9:38

# بەمارشی ئەی رەقیب ولەسایەی ئالآی الله اکبری بەعس وەبەئامادەبوونی عواگف، فرقەی چوار بە کێوەلی ڕێزییان لە تیپی (101) ی ئەمریکی نا ... ڕێژین ئیبراهیم / هەواڵ

دوابەدوای ئەوەی کە رۆژی شەممە لە ژمارە (203) ساڵی شەشەم 2006/10/21 لەلاپەرەیەکی دا هەواڵێك بڵاو بۆوە لەژێر ناوی (بەمارشی ئەی رەقیب ولەسایەی ئالآی الله اکبری بەعس وەبەئامادەبوونی عواگف، فرقەی چوار بە کێوەلی ڕێزییان لە تیپی (101) ی ئەمریکی نا) رۆژنامەی هەواڵ زۆر ترین فرۆشی هەبوو رۆژنامەکە لەناو بازاردا نەما، وە خوێنەرانی رۆژنامەی هەواڵ داوای دووبارە لەچاپ دانی رۆژنامەکەیان دەکردج رۆژنامەی هەواڵیش بەبۆنەی جەژنی رەمەزانی پیرۆزەوە و لەبەرئەوەی جەژن هاتە پێشی، هەواڵ بەباشی زانی دووبارە لەچاپی نەداتەوە لەبەر ئەوەی دەکەوێتە رۆرژی جەژنەوە تەواوی هەواڵەکە لەم راپۆرتەی خوارەوەدایە




فرقەی چواری سوپای نویی عێراق کە بەرپرسێتی شارەکانی تکریت وکەرکوك وسلێمانی لە ئەستۆدایە لە رێکەوتی 2006/9/2 لە بارەگای فرقە لەشاری تکریت کە یەکێ لە قەسرەکانی (سەدام حوسێن) ە ئاهەنگێکی رێز لێنان بۆ ستافی سەرپەرشتیاری تیپی (101) ی ئەمریکی رێکخرا بەبۆنەی رۆیشتنەوەیان هەر لەو ئاهەنگەدا میوانداری (عواگف حسن البیاتی) کرا بوو کەلەسەر تەکلیفی قائد فرقە، رئیس ئەرکانی فرقەکە (عمید رکن حازم العزاوی) لە کەرکوکەوە (عواگف) دەگەیەنێتە خورماتوو لەوێشەوە رائد سالار بەکۆمەڵی حیمایەوە گەیاندویتە بارەگای فرقەی چوار لە تکریت.

(عواگف) خێزانی (سعد هادی) کۆنە ئەفسەری ئیستخباراتی بەعسە کە دوای پرۆسەی ئازادی عێراق بۆ ماوەی (11) مانگ لە سجنی (بوکا) لە (ئوم قەیر) سجن دەبێ ودواتر لەسەر داوای گەورە بەرپرسانی دەوڵەت ئازاد کرا. ئەو شەوە لە بارەگای فرقە ماوەتەوە بۆ رۆژی دواتر رئیس عرفا کامران بەکۆمەڵی حیمایەوە گەیاندویانەتەوە بۆ شاری کەرکوك.

وەبەسەر پەرشتی مەعاونی قائد فرقەی چوار نەبیل جواد کازم برای هونەرمەندی ناسراوی عێراقی (ئەمیرە جواد کازم) وعەقید ڤافر ئاهەنگی رێزلێنانەکە بەسەماو گۆرانی ودەست بازی تیپێکی کێوەلی ڕازیندرایەوە. ئەم جۆرە ئاهەنگانە لەبەزم ورەزمەکانی بەعسدا شتێکی باو بوو بۆیە وەك نەریتێك لە سوپای نویی عێراقدا دووبارە دەبێتەوە.

فرقەی چوار لەسەر یەکێتی نیشتیمانی کوردستان ئەژمێردرێ زۆربەی ئەفسەرە پلەدارەکانی لەلایەن یەکێتیەوە دانراوە.

قائد فرقەکەش کوردێکە بەناوی عبدالعزیز مفتی کە بۆ ماوەی (35) ساڵ ئەفسەر بووە لە سوپای عێراق. جێگای ئاماژە پێ کردنە ئاهەنگەکە بە مارشی ئەی رەقیب لە سایەی ئالآی الله اکبری بەعسدا بەرێوە چوو.

لە لاپەرە پێنچ بەشێك لەو بەزمەی فرقەی چوار بە وێنە بڵاو دەگەینەوە تەواوی ئاهەنگەکە بە بەڵگەوە لەبەر دەستمان پارێزراوە.

هەواڵ

# فرقەی چوار بە کێوەلی ڕێزییان لە تیپی ١٠١ ی ئەمریکی نا

